The CENTER for VICTIMS of TORTURE

# ڕێزگرتن لە ڕزگاربووانی ئەشکەنجە لە ٢٦ی حوزەیران

لەلایەن سۆنیا فونا ئیڤلین، سەرۆک و بەڕێوەبەری جێبەجێکار
سەنتەری قوربانیانی ئەشکەنجە (CVT)
٢٦ی حوزەیرانی ٢٠٢٦

ئێمە لە ڕێکخراوی (CVT)، هەموو ساڵێک لە ڕۆژی ٢٦ی حوزەیران، بە شکۆوە یادی ڕۆژی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پشتیوانی لە قوربانیانی ئەشکەنجە بەرز ڕادەگرین. ساتێک ڕادەوەستین بۆ پێزانینی قوربانیان و دەربڕینی هاوسۆزی خۆمان لەگەڵ ڕزگاربووان لە سەرانسەری جیهان، هەروەها لەگەڵ خێزان و کۆمەڵگاکانیان.

لە ساڵی ١٩٩٨دا، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ٢٦ی حوزەیرانی دیاریکرد وەک ڕۆژێک بۆ دانانن بەوەی کە ئەشکەنجەدان تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییە و بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان قەدەغەکراوە. ڕۆژێکە کە کۆمەڵگەی جیهانی دەبێت جارێکیتر پابەندی خۆی پیشان بدات بە کۆتاییهێنان بە ئەشکەنجە بۆ هەمیشە و بە هەمان شێوەش پشتگیری لەو کەسانە بکرێت کە ئەم تاوانە کاریگەری قووڵی لەسەر ژیانیان هەبووە.

لە کاتێکدا ساڵی ٢٠٢٦ یەکەم ساڵی کارکردنی منە لە ڕێکخراوی (CVT)، بەڵام نامۆ نیم بەو وێرانکارییەی کە بەهۆی بەکارهێنانی ئەشکەنجەوە دروست بووە. لە ماوەی زیاتر لە دوو دەیە کارکردنم لە بوارەکانی گەشەپێدانی جیهانی و وەڵامدانەوەی مرۆیی، کارم لەگەڵ ڕزگاربووانی بێشومار و کەسوکاریان کردووە کە هەمیشە باسی ئەوە دەکەن کە چۆن بەهۆی ئەشکەنجە و هەڕەشەی ئەشکەنجەدانەوە ترسێنراون و بێدەنگ کراون. پێیان دەوتم کە چۆن چیتر هەست بە سەلامەتی ناکەن بۆ ئەوەی قسە لەسەر ئەو شێوازە بکەن کە بەرپرسان و حکومەتەکان – ئەوانەی لە پێگەی دەسەڵاتدان – کاریگەرییان لەسەر ژیانی ڕۆژانەیان هەیە لەڕووی توانای پەیداکردنی بژێوی ژیان، بەخێوکردنی منداڵ، بەدەستهێنانی خوێندن، دەستەبەرکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و خۆراک. ئەشکەنجە دەبێتە هۆی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا، نەک تەنها کۆنترۆڵکردنی تاک.

بۆیە لە کاتێکدا یادی ٢٦ی حوزەیرانی ٢٠٢٦ دەکەینەوە، بیرمان لای ئەو ڕاستییە تاڵەیە کە تا ئێستاش لە سەرانسەری جیهاندا ئەشکەنجەدان پەیڕەودەکرێت. لە ساڵی ڕابردوودا، ڕێکخراوی (CVT) توانی خزمەتگوزاری پێشکەش بە ڕزگاربووانی ئەشکەنجە، لە ٦٨ وڵاتی جیاوازەوە، بکات. لەگەڵ ئەوەشدا لەو بوێرییە نائاساییە ڕادەمێنین کە ڕۆژانە ڕزگاربووان و خێزانەکانیان نیشانی دەدەن. ئەو کەسانەی لە دەرگاکانمانەوە دەردەچن، هەنگاو دەنێن بەرەو ئاساییکردنەوە و بنیاتنانەوەی ژیانیان و وەستانەوە لەڕووی دڕندەییەکان.

ئەمساڵ دەبێت دان بەو ئاڵنگاریە گەورانەدا بنێین کە لە کەرتی مرۆیی و مافەکانی مرۆڤدا هاتوونەتە پێش. کەمکردنەوەی هاوکاریە دەرەکییەکان لەلایەن حکومەتی ئەمریکاوە لە ساڵی ڕابردوودا بەشێکی زۆری کارەکانمانی پەکخست، دۆخەکە لەوەش خراپتر بوو کاتێک بەخشەرە جیهانیەکانی دیکەش دەستیانکرد بە کەمکردنەوە و بڕینی هاوکاریەکانیان. ئەم بڕینانە کاریگەری قووڵیان لەسەر ژیانی خەڵکانێک دروستکردووە. جگە لەوەش ململانێی توندوتیژ و پاوانخوازی و نامرۆڤایەتی لە سەرانسەری جیهاندا بەبێ کۆنترۆڵ و لێپرسینەوە بەردەوامە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) ئاماژە بەوە دەکات کە لە ئێستادا نزیکەی ١١٨ ملیۆن کەس بە ناچاری دەربەدەرکراون، زۆربەیان لە ئەنجامی پاکتاوکردن و ململانێ و توندوتیژیەوە؛ ئێمە لە ڕێکخراوی (CVT) درک بەو ڕاستیە دەکەین کە زۆرێکیان ئەزموونی ئەشکەنجەدانیان چەشتووە. لە کاتێکدا ئەمڕۆ ڕێز لە قوربانیانی ئەشکەنجە دەگرین، بەڵێنی پشتگیری خۆمان بۆ مافە گشتگیرەکانی مرۆڤیش دووپات دەکەینەوە.

ئێمە ڕووبەڕووی ڕۆژانی سەخت دەبینەوە، بەڵام ئیلهام لە هەزاران ڕزگاربوو وەردەگرین کە بەدوای چارەسەر و دادپەروەریدا دەگەڕێن. لە ڕۆژی جیهانی پشتیوانی لە قوربانیانی ئەشکەنجەدا، سەری ڕێز دادەنەوێنین بۆ سەرجەم قوربانیان و ڕزگاربووان و کەسوکاریان؛ ئێمە لەگەڵ هەموو ئەوانەدا دەوەستین کە بە بوێریەوە قسە لەسەر دادپەروەری دەکەن، ئەوانەی کە خۆڕاگرن و هیوا دەدۆزنەوە.